# لێرەوە بەرەو کوێ!

- بۆچی لەعیراقدا بژین؟! نەك بۆچی لەعیراق ناژین!

غیاث الدین نەقشبەندی*

پەیوەندی نێوان کوردو ئەمریکا بەزۆر کەندال ئەڤرازو نشیڤدا تێپەریوە، بگرە لە چاوشۆری سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر رێککەوتنی جەزائیرو تاکو نشوستی هێنانی پاراستنی کورد لە دووای راپەرینی پیرۆز لە 1991 . . هەربۆیەش هەمیشە رەنگدانەوەی بەسەر گوتاری سیاسی کورددا زاڵەو بۆتە مایەی نیگەرانیو ئۆقرەنەگرتنی جاددەی کوردی، ئێستاش هەست دەکرێ کە هیچ سیاسەتێکی روهنو ئاشکرا دەربارەی کێشەی کورد نیە؛ ئەوەی خویایە، دۆسێی کورد هەر لە ناو نهێنیەکانی پاراستنو (CIA) دا خۆی دەبێنێتەوەو نا جیددیەتی پێوە دیارە.

ئەگەر بەچاوێکی زانستانەو لۆجیك سەیریکەین؛ بۆکورد زۆر چاکترە ئەگەر هەموو هەوڵو تێکوشانێك بمەزێخێ بۆ ئەوەی ئەو دۆسێیە لە رەفەکانی (CIA) دەرکاتو بیخاتە ژێر رووناکی جەماوەرو رای گشتیو کەسانی تر لەسەری بکاتە دیەر(شاهد)، بۆ ئەوەی ئاستێکی دیپلوماسی وەرگرێ لە جیاتی پاراستنو دەزگای زانیاری؛ چونکی بەدرەوەشتی سیاسیو بێ بەهاو ئاکاری لەو دەزگایانە زیاتر خۆیا دەکرێ لەوەی لە سەر ئاستی پەیوەندی دیپلۆماسیو رای گشتی.

رێزو سەرووەری بۆ هەموو دڵۆپە خوێنێك، کە لەپێناو کێشەی کورد و کوردستاندا رژاوەو هەموو کەسە بێگوناهەکانی کە لەپێناویدا فەوتاونو ئەوانەی گووری(قوربانی) مەزنیان داوە، سەردادەنوێنمو گووری کردنەکەیان بە بلندی دەنرخێنمو بێگومان دەڵێم: هەمیشە بە سەرووەر دەمینێن وکوردو دیرۆك لەبیریان ناکات.

هەموو دۆستو دژمنی کوردو خۆییو بیگانە، دراوسێو دوور، مێژووە خوێناویەکەی کورد لە هەرچوار پارچە دەزانن، نەخاسمە هەڵەبجە مەزنترینیان بووە.

باشە، تێگەیشتین!

ئەی ئێستا چی! لێرەوە بەرەوکوێ؛ دەبێ چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو کارەساتانە رووندەنەوەو بنبڕبکرێن. دەبێ چیتر ئەوە نەبێژین کە دەمانەوێ لەعیراق جیاببینەوە چونکی کوژراوینو جینوساید کراوین. ڕاستر ئەوەیە بێژین: بۆچی لەعیراق بژین؟ نەك بۆچی لەعیراق ناژین!

چونکی قەد لەو باوەڕەدا نیم ئێمە رۆژێك لە ڕۆژان بتوانین لەگەڵ عەرەب، تورکو فارس بتوانین لە وەڵاتێکی دەستکرددا بژینو دەستوور ببێتە زامنی مافەکانمان؛ دەستووری چی ئەگەر لایەنەکەی تر دان بە هیچ یاسایێك نەنێ کە کەمترین ماڤ کوردی تێدا بەدی بکرێت پێشتریش لەزۆر شوێندا گوتوومە: جوانترین یاساو دەستوور باشترین یاسا نیە! بەڵکو باشترین یاسا ئەوەیە کە کاری پێبکرێ! ئەگەر لایەنی بەرامبەر پێی نەکات! ئیمە چیمان لەدەستدێ؟ لەوانەیە زۆر جار لە بەرپرسانو سەرکردە کوردەکان بیستوومانە کە ئەوەیان جارێکی تر ڕوونادادتەوەو ئێستا کورد زۆر بەهێزە؛ لەشکری هەیە، تانکی هەیە، تۆپی هەیە! بەڵام هەموومان دەزانین ئەو کەرەستە لەشکریانە بە بریاری سیاسی پووچەڵ دەبن، راستە ئەگەر کورد بۆ نمونە: پێنجسەد تانکی هەبێت! ئەوە حکومەتی عیراق هەر بە برادەر دەمینێتەوە هەتاکو دووهەزارو پێنجسەد تانك پەیدا دەکاتو سەرلەنوێ فرۆکەی جەنگیی چاك لە ئەمریکاو ئەورووپا دەکرێت بە بیانووی دژایەتیکردنی تیرۆر؛ ئەوسا من چیبکەم لە ڤیرتاوکردنی جادەو ئاوەدانکردنەوەی بازاری پەنجا نهۆم؟

لێرەدا پرسیارێکی نشکیو گرنگ خۆی لەنێوان هزرو دارشتنەکەیدا دەرازێنێتەوە: ئایا تاکەی مانەوەی هێزی ئەمریکا لەبەرژەوەندی کورددایە؟ بۆ بەرسڤی ئەو پرسیارە دەبێ چاوێکی ئەکادیمیانە بە پەیوەندی کوردی - ئەمریکیدا بخشێنینو هەڵیسەنگێنین، چونکی گرنگی مانەوەی هێزی ئەمریکا لەعیراقدا وەکو ساڵانی دووای 1991 نیە ئێستا ئاسۆیێکی تری هەیەو دەبێ بە کۆنسێپتێکی ترەوە سەیر بکرێت.

جاران هیوامان دەخواست بۆ ئەوەی هێزە هاوپەیمانەکان لە عیراق نەکشێنەوە بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەمان نشوستی نەهێنێو نەبینە پارووێکی ئاسان بۆ قورگی دژمنانی کورد؛ بەڵام ئێستا بارودۆخە سیاسیەکە گۆڕاوەو هەروەها شێوەو قەوارەی هێزەکانی ئەمریکا بە گوێرەی بارودۆخی سیاسیو تەرازووی هێزەکان گۆڕاوە.

مانەوەی هێزە هاوپەیمانەکان لەعیراق، بە تایبەت ئەمریکا بۆ ئەوەیە عیراق نەبێتە فەوزا!و شەڕی ناخۆ دروستنەبێت؛ کەواتە هەردەبێ هێزی لەشکری عیراق بەهێز بکاتو ئەو بەهێزکردنەش مەزنترین مەترسی بۆ بوونی هەرێمی کوردستان دەنێتەوە. جاری یەکەمو لەکاتی بریمەر هیوا وابوو عیراق لەشکری نەمێنێو وەزارەتع ببێتە دەزگایەکی نیمچە مەدەنی! بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین ئەوە نیەو وردە ووردە خەریکە دەستەی ئەرکان دروستدەکرێتەوەو ژووری عومەلیاتی شەڕ دادەمەزرێ.

ئاسانیش نیە مرۆڤ بزانێ تاکەی ئەو بارە دەکێشێ‌و نیازیی ئمریکا چیە؟ چونکی بەپێی رووداوی رۆژ سیاسەتی کورتخایەنی دەگۆرێ بۆ ئەوەی زامنی سیاسەتێکی ستراتیجی درێژخایەن بکات‌و هەمووشی بە سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی ئەمریکاوە پەیوەستە. بۆیەش، ئەگەر ئەمریکا لەژێر فشارێك - هەر فشارێك بێت- نیازی هەبێت عیراق بەجێبهێڵێ، چاکتر وایە ئێستا بەجێی بهێڵێت، نەك دووای بەهێزکردنی لەشکری عیراق، بەڕاددەی ئەوەی بتوانێ جارێکی تر لەدەوری کورد بسوڕێتەوە، چونکی ئێستا کورد لەڕووی لەشکری‌و ڕێکخستنەوە لە هەموو گرووپەکانی تر بەهێزترن‌و دەتوانن بەچاکی مەرزی کوردستان، نەك هەر لە حمرین بپارێزن بەڵکو لە حاجیئۆمەران‌و زاخۆشەوە.
لەدووای رۆخاندنی رژێمی بەعس‌و دام‌و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی لەعیراق، دەبووا کورد سنووری حمرینیان داخستباو نەیانهێشتبا بە هیچ جورێك تێکەلاوی لەگەڵ کاروباری بەغدا بکرێت، بۆ ئەوەی روومان هەبێت بە بەغدا بڵێیین ئێوەش دەستکاری کارەکانمان مەکەن، بڕۆن عیراقەکەتان چاکبکەنەوەو ئینجا وەرن بۆ ئەوەی بئاخڤین، عیراقە وێرانەکەتان بە ئێمە چاك مەکەنەوە، ئێمە لە1991ەوە لەبارودۆخێکی جیاوازدا دەژین.
بەڵام بەداخەوە کورد لەبەر ململانێ، ووتێکردنێکی گشتیی لە بەغدا کردو سەری خۆیان‌و مللەتی کوردیان جارێکی دی خستە ناو جۆرکی عیراق‌و لە ئەنجامدا بوونەوە بەشێك لە تەڤنی سیاسی عیراقی‌و بەوە تەواو بوو کە مام جەلال بوو بە سەرۆکی عیراق، ئەو هەنگاوە گرنگەی کە کێشەی کوردی لە کێشەیێکی نێودەوڵەتی کرد بە کێشەیێکی ناوخۆیی. ئیستاو لەمەودووا، زێرەڤانە سیاسیەکان‌و درووستکەرانی بڕیار، لەسەر ئەو بنەمایە رەفتار لەگەڵ کێشەی کورد دەکەن.

لەدووای درووستبوونی ئەو بارودۆخە نوێیە، کە شتێکی زۆر گرنگە ئەگەر کەسێکی وەکو مام جەلال بەو هێزەوە لە بەغدا بێت، بۆ ئەوەی کێشەی نووسینی دستور لەژێر چاودێری ئەودابێت‌و بۆ ئەوەی ئەو بڕگانەی لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتدا هاتوون بە تەواوەتی ئەنجام بدرێن، وەکو مادەی 58، بەڵام ئەوشیان بەسەر کورددا تێپەڕ بوو، لە سوێندی قەسەمی حکومەتدا ناوی عیراقی فیدرالی‌و تعددیان لابردو لە رووی قانوونیەوە کەسیان بۆ عیراقێکی فیدرالی تعددی سوێندی نەخواردو ئەگەر هەوڵە جیدیەکانی سەرکردایەتی کورد بەگشتی و هۆشداریەکەی سەرۆکی هەرێم، هێژا مسعود بارزانی نەبوایە، کورد هەبوو لەو سادەیەدا بێت کە بڵێ: دەبێ بەمەبست ئەو پەیڤانە لابرابن؟!.
بەڵێ، بە قەسدو مەبەست لابراون‌و ئەوەی ئەو کارەی کردوە پسیاری قانوونی دێتە سەری، قانوونی ناوخۆیی‌و قانوونی نێودەوڵەتیش. لەبەر ئەوەی جگە لە دادگاییێکی عادل کەس بۆی نیە بڵی فلان یان فیسار وایکردوە، با دادگایەکە کاری خۆی بکات‌و کوردیش بەپێ بڕیاری دادگاکە بڕیار وەرگرێ ئەوسا کەس بۆی نیە بە کورد بڵێ: بۆچی ئەو بڕیارەتان دا چونکی بەڵگەی قانوونیان پێیە.
شایەنی باسە کە دووبارە سۆێند خواردنەکە، (نا) یێکی مەزنبوو لەڕووی شۆڤینزمی عەرەبی‌و تەنانەت تیۆکراتەکانیش‌و توانی ئەوە بگەیێنێ کە لە عیراقدا گووتاری سیاسی تاکرەو باوی نەماو سیاسەتی تاك حزبی تۆری هەڵدا.
بۆیەش زۆر بەگرنگی دەزانم: سەرکردایەتی کورد بەهەردوو لایەوە، هەموو تواناکانی خۆیان بخەنە گڕ بۆ ئەوەی ئەو کەسەی بە مەبەست ئەو پەیڤە گرنگانەی لە ڕەشنووسی سوێندخواردن لابردووە، بدرێتە دادگا، چونکی لابردنی پەیڤی وا، هیچ جوداییێکی لەگەڵ ئەنفالکردن‌و کیمیاکردنی کورد نیە. ئەوەی ئەو کارەی کردوە جارێ پێیناکرێ ئەنفالبکات بۆیە رێگای بۆ خۆشدەکات، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەنجامی بدات. دەبێ لە ئێستاوە خۆمان لە سەر کێشەی وا مەزن کڕ نەکەین، بۆ ئەوەی هەڵخەڵەتاندنی دیرۆکی کورد نەکەن بە کۆنسێپت‌و پێی فێرنەبن. با مللەتیش ئاگاداربێت‌و هیچ شتێکی قانوونی بە دزی‌و شاراوە نەبێت؛ با هەموو دونیا بزانێت کە سەرکردایەتی کورد بە هەموو لایەنەکانیەوە لەسەر ماف وەرگرتنی مللەتی خۆی سوڕەو لێیخۆشنابێت.

بەش بەحاڵێخۆم، قەد لەگەڵ ئەوەدا بەیوومە کە تاك دەستەڵاتی زۆری پێبدرێ، چونکی لەوانەیە ئەو دەستەڵاتە لەرۆژێکدا دژی خۆمان بەکاربێ؛ بەڵام مەسەلەی دەستەلاتی سەرۆکی هەرێم شتێکی ترەو بە بەرژەوەندی بلندی خەباتی رزگاری خوازی مللەتی کوردەوە پەیوەندە، بۆیەش هەرچەندی هێزی زیاتری پێبدرێ خزمەتی کێشەی کورد زیاتر دەکات. مەبەستیشم لێرەدا ئەوە نیە کە کێ دەبێتە سەرۆکی ئەقلیم‌و چەند لەوێ دەمێنێ، بەقەد ئەوەی کە دەبێ سەرۆکی ئەقلیم هەبێت‌و دەبێ فراوانترین دەستەڵاتی هەبێت، بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی کوردو بۆ یەکگرتنی ریزەکانی گەل کە بۆ ماوەی 13 ساڵ لەنێوان شەڕی ناوخۆو ململانێی حزبایەتیدا سووتاوە.
لەوانەیە ئەمرۆ کاك مەسعود سەرۆکی هەرێم بێت‌و لەوانەیە بەیانی کاك نەوشیروان یان کاك کۆسرەت یان د. محمود بێت، لەوانەشە کەسێکی تر بێت کە بێلایەن‌و مللەت هەڵیدبژێری. ئەی دیموکراسیەت چ واتاییێکی تری هەیە؟ بۆچی دیموکراسیەتمان کردوە قاچکی سەر زاران‌و بەردەوام پێی دەنازین؟

ئەگەر ئێمە لەنێوان خۆماندا پێکنەیێن؟ چۆن دەتوانین لەگەڵ عەرەب پێکبێین‌و چۆن داوای بارێکی تایبەت بۆ دەڤەری کوردستان دەکەین.

لەکۆتاییدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە کورد ئێستا بەهێز نیەو خەباتی رزگاریخوازی میللەتی کورد زۆر لەمەترسیدایە، نەخاسمە هیچ حزب‌و گرووپێکی سیاسی بەرچاو لەمەیداندا نەماوە، بەئاشکرایی داخوازی وەڵاتێکی سەربەخۆ بۆ کورد بکات؛ بەبێی ئەوەی قوناغ لەبەرچاو بگرێ. هەموو حزبەکان دەیانەوێ، بەڵام هیچکامیان ئامادە نین بە ئاشکرایی‌و راشکاوی بیدرکێنن؛ (کە ئێمە داوای وەڵاتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دەکەین).

ئێستا گلەیی لە ئەمریکاو لە ئەوروپاش ناکرێ ئەگەر رۆژێك لەرۆژان کاتی گلەیی هات‌و پێی گوترا: بۆ وەڵاتێك بۆ کورد دروست ناکەن؟ بەرسڤەکەیان ئاسان‌و ڕاست‌و دروست ئەوەیە: کوا ؟ کێ داوای دەوەڵەتی سەربەخۆی کردووەو ئێمە رێمان لێگرتووە؟ کورد داوای وەڵاتی سەربەخۆی نەکردوە! کورد دەیەوەێ مافە رۆشەنبیری‌و کەلتووری‌و خودموختاری خۆی لە وەڵاتە کانی کە لێی دەژین وەرگرێ.

پارادۆکسێکی سیاسی بەرچاو لەئارادایە کە میللەتی کورد بە زیاتر لە ٪80 بە ریفرانۆمێکی نارەسمی داوای سەربەخۆیی دەکات‌و لەهەمانکاتدا حزبەکان بە هەموو تووانایێکی خۆیانەوە خۆیان بە عیراقەوە لکاندوە، کەواتە حزبەکان نوێنەرایەتی داخوازەکانی میللەت ناکەن! ئەگەر بە بینینێکی ئەکادیمی‌و لۆجیکی سەیری بکەین.

ئەگەر بەرژەوەندی باڵا نەکەین بەسەروەری ئالوگۆری سیاسیمان؛ با هەمووومان بڵێین: تەواو. ئێمە عیراقین‌و جیاوازیمان لەگەڵ پارێزگاکانی تری عیراقدا نیەو بە ئالاّی بەعس رازین‌و خەباتی سەربەخۆی‌و بزاڤی رزگای خوازی میللەتی کورد، خۆمان خۆش.

نووسەرو رۆژنامەنووس. *
bazoft2001@yahoo.com.au